# تو خوا ئیهمالمان مەكەن ... شوان بیبانی



كاتیك كە دەست دەدەمە كیبوردەكم و دەمەویت شتیك بنوسم قەت نایەت بە خەیالمدا دەگەیەك لە دەسەلاتدارانی خۆمان بدەم بەراستی وبی پیچ و پەنا ئەیلێم خۆشم دەوێن بەلام ئەوانە كێن من خۆشم دەوین نازانم ئەسڵەن كێن لەوانەیە دەسەلاتێكی میسالی بێت كە تەنها من لە مێشكی خۆمدا بۆم دورست كردوون بۆیە كە ڕەخنەشیان لی دەگرم نامەوێت تا كو سەر ئیسك بیبەم هەرچەندە هەندی جار ئەوەندە لێیان بیزار دەبم دەڵێم ئەمجارەیان دۆو دۆشاو تێكەلاو دەكەم چی دەبێت با ببێت بەلام كە بابەتەكانی سەر رۆژنامە و سایتەكانی ئینترنێت دەخوێنمەوە دەبینم خەڵكانیك هەیە زۆر لەوەش زیاتر رەخنە لە دەسەلات دەگرن لە سەر ئەو بابەتانەی كە رۆژانە ئازاری دەروونمان دەدات بۆیە دەڵێم ڕخنە لای ئێمە وەكو فوو كردن بەئاسندا بە هەر حاڵ ئەمجارەیان رەخنە لەو بی دەنگییە دەگرم كە دەسەلات بەرانبەر بە ئێمەو گازەندەكانمان هەیەتی.

كاتێك كە ئێمە وەكو میللەت رەخنەیەك دەگرین پێمان خۆشە وەلامێك بۆ رەخنەكەمان هەبێت بەڵكو ئیمە هەڵەین كە هەموو جاریش لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەروایە قڕوقەپ كردن لە رەخنەكانمان ئەوەندەی تر بی ئومیدو بی هوودەمان دەكات.

پێمان خۆشە یەكجار بڵێن ئێوەش هەقتانە وەكو ئەو مێوانەی كە لەلای حاكمێك دانیشتبوو تاوانبارێكیان هێنا بۆ لای كە تاوانبارەكە باسی خۆی كرد حاكم ووتی هەقی تۆیە دوایی ئەو كەسەیان هێنا كە شكاتی لی كردبوو بەویشی ووت هەقی تۆیە برادەری حاكمەكە ووتی ئەری قوربان هەركەسی هات و تۆ ووتت هەقی تۆیە و لەوێدا حاكمەكە ڕووی كردە برادەركەی و ووتی: هەقی تۆیە

لەم ڕۆژانەدا بەڕێز سەعدی پیرە لە كەنالی (كوردستان تی ڤی) دەرچوو ئەمە گوایە هەڵمەتی راگەیاندن بۆ هەڵبژاردن دەكات دەڵێت خەلكی لە چییان كەمە بۆ تۆزی نەوت و بەنزین چارەنووسی میللەتەكەتان مەفەوتێنن خۆ ئێوە دەنگ بە كورد دەدەن نەك حیزبەكان منیش دەلێم كاك سەعدی ئیستا كە تۆ هیچت بەدەست نییە نەوت و بەنزین وكارەباو ئاو ناگاتە دەستی میللەت كە شتێكت كەوتە بەردەست ئەترسێم هەواش نەگاتە سییەكانمان بۆیە دەڵێم واباشترە دەنگ نەدەین بیخەینە بەر سودفە لەوانیە بەو سودفەیە ببین بە دەولەت.